KURDISTAN NET
کوردستان نێت
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
18-5-2007 12:27بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ریفۆم و بە جیهانی بوون ... یاساناس. مەولوود باوەمراد "

قسەکردن لە ریفۆرم لە سەردەمێکدا کە بەشی هەرەزۆری ڕەهەندەکانی ژیان کەوتوونەتە خولگەی مەنزومەی بە کەونی بوونەوە کارێکی ئاسان نییە.

بە جیهانی بوون تەنها بە ڕەهەندە سیاسی و ئابووری و گۆڕانە گەورەکانی دنیای ڕاگەیاندن و پەیوەندی گرتنەوە نەوەستاوە، تەنانەت قیەمە ئاینی و مرۆیی و کۆمەڵایەتیەکانی هەر کۆمەڵگەیەکیش لە ژێر پرسیاری هەڵسەنگاندنەوە و پیاچوونەوەدا ڕاگرتووە ئەگەر وەلا نەخرابن.

بە جیهانی بوون لە ڕێگەی دەیان میکانیزم و دامەزراوی زەبەللاحی نێودەوڵەتی و ئەقلیمی و جیهانیەوە ژیان و بوونی بەدوای خۆیدا پەلکێش کردووە و لەژێر هەژموونی کاریگەری خۆیدا جێگەی بەپێوەر و قیەم و هەڵسەنگاندنە ناوخۆییەکانی پرۆژەی ناوخۆیی نیشتمانی گەلان لێژکردووە، بەجۆرێك تاك و کۆمەڵگە و دەسەڵاتە نێوخۆییەکانی زۆربەی گەلانی دونیا تووشی جۆرێك لە جەبریەتی ژیان بوون لەناو مێژووی ئەم مەنزومەدا، دەبێ لەناو ئەو مێژووەدا بژین.

ئەم مەنزومە کەونیەی بە جیهانی بوون بە حوکمی گشتگیر بوونی و پەلهاویشتنی فراوانی بە هەموو قوژبن و پانتاییەکانی سیاسەت و ئابوری و نەزمی کۆمەڵایەتی و مەعریفی و رۆشنبیری لە گشت سەرزەمینەکاندا نیشتەجێ بووە، و ڕۆژانە بە دەیان روداو و گۆڕانکاری و زانیاری و گرفت و فۆرمی نوێ دەخاتە بەر دەست تاك و کۆمەڵگە لە جیهاندا.

ئەوی ئەم مەنزومە دەیخولقێنێ ئەوەیە کە ئێمە لەبەردەم ئامادەکراوەکانی بابەتی سیاسەت و ئابووری و یاسا و مافەکان و پەیوەندییەکان و جۆری هزر و ڕۆشنبیریدا رادەگرێت.

لێرەوە، لەم ڕوانگەوە پاسادانی ئەو ڕاستییە دەکرێت کە ئێمە و زۆرێك لە کۆمەڵگەکان لە دەرەوەی مێژووی خۆماندا دەژین و بەڵام لە هەمان کاتیشدا بووینەتە بەشێ لەو مێژووی جیهانەی کە هەموو ساتێك نوی دەبێتەوە و بەخێراییەکی زۆر قۆناغەکانی خۆی دەبڕێت.

جاران دەگوترا بیروباوەڕ و قیەم و ڕۆشنبیری و ڕەفتاری گەلان نابێ هاوردە بکرێت و ئەو کارە دژی شوناس و ئینتیمای نەتەوەییە و بەلادان و هەڵگەڕانەوە و خیانەت لە قەڵەم دەدرا، ئێستە بە هۆی ئەو گۆڕان و تەقینەوە گەورەیەی لە بواری پەیوەندی و ڕاگەیاندن و زانیاری و مەعریفەا ڕوویداوە بۆ خۆی ڕۆژانە دەیان و بگرە هەزاران بابەت و چەمك و ڕووداو هەڵدەرژێنرێتە بەر دەرگا و ماڵی گەلان، ئێستا هاوردەکردن ـ استراد ـ نەماوە، بە خۆرایی وەك هەوا و لەگەڵ هەودا سیماو تێزو ڕەفتارو وێنە جیاکانی ژیان هەنارده دەکرێن و ـتێدیرـ لەتەکماندا ئامادەگی چرکە ساتیان هەیە، تەنانەت زۆر خیاری دەمەوێ و نامەوێت، لە بەردەستدا نەماوە، بەڵکو خیاری چەندەم دەوێت و کامەیانم دەوێت لە تواناادا هەیە! کەونیش لە دوا تەفسیردا ئێمە دەکاتە یەکێك لە مشتەریەکانی ئەو مەنزومەیە و ئەمەش ڕاستی جەبریەت بوونی مێژووی سەردەمەکەمان بۆ لێك دەداتەوە، ئەم مەنزومەیەی کە بازاڕ و مافەکان و ڕۆشنبیری پێکەوە گرێداوە سەرشێتیەکەی لەوێوەیە کە لەدەرگادان و پاسپۆرت و فەرموی ناوێت و هەموو بەربەستەکان لە ئاستیدا هەڵگیراوە.

ڕەنگە زۆربن ئەو دەنگانەی کە هاوار دەکەن ئاخر بونیادی کۆمەڵگە و دەسەڵات و کەلتوری فەرمانڕەوایی لای ئێمە لەگەڵ ئەم مەنزومەیەدا یەك ناگرنەوە، نەك هەر ئەوە بەڵکو ناکۆك و دژن و .. هتد. ئەم هاوارە وەك عەرەب دەڵێن (فو کرنە لمی بیابانە) بێهودەیە و بە هیچ ناگات، چونکە ئەم مەنزومەیە میکانزمی کارکردنی کەونی و جیهانگیرە کەس خۆی بە خاوەنی ناکات و هەر لە بنەڕەتدا بۆ تێکشاکاندن و پڕکردنەوە کەوتووەتە ڕێ..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

جۆرێکی تر هاوارکردن لە بەردەم هەژموونی ئەم مەنزومە دا کەبەهاواری مەحکومی بەر دادگایەکی زۆردارانە دەچێت ئەوەیە کە دەڵێت: ئاخر بە جیهانی بوونی بازاڕو بە بازاڕبوونی جیهان و بەجیهانی بوونی ماف و ئازادییەکان و بە جیهانی بوونی کۆمەڵگەی مەدەنی و یاساکان لە سایەی دەسەڵاتە خۆسەپێن و دیکتاتۆرە و فەرمانڕەوا خۆموقەدەسکرد و سیستەمە تاك حزبی و جەهەننەمیە گەندەڵ و تەزویرگەر و بێ ماهیەت لێ نەهاتووەکانی لای ئێمەدا کە دەسەڵات لایان غەنیمە و بەرژەوەندی گشتی لە گشتەکەی خۆیاندا دەبینن، چی لێ شین دەبێت بۆ کۆمەڵگەکانی لای ئێمە، ئاخر ئەوان داهێنان و دەسکەوتەکانی ئەم مەنزومە کەونیەی بەجیهانی بوونیش بەهەمان ئاقار و ئاراستەی قەبەکردن و بنەجێکردن و تۆکمە کردنی ڕژێمەکانیاندا دەبەن و لە خزمەتی ئەو جۆرە بوونەدا دەستەمۆ و خۆماڵی دەکەن، ئاخر ئەم دەسەڵاتانەی کەبڕبڕەی پشتیان لەسەر دەزگاکانی ئاسایش و هەواڵگری و سیخوڕیکردن و ترساندن وسەرکوتکردنی هاوڵاتی ڕاگیراوە ئەوە نیە بۆ نموونە: لە ڕێگەی موبایل و ئینتەرنێت و چەندین داهێنراوی تری مەنزومەکەتانەوە کاریان ئاسان بووە و لەبری دانانی چاو و چاودێری ڕۆژانە سات بەسات لەتەکماندا لەژوری نووستن لەمەتبەغ لەگەڵ هەناسە و حیکاتەکانماندان چاوتروکانێك لێمان خافڵ نین!!! ڕەنگە وەڵام ئەوەبێت گرنگ نیە ئەگەر ئەم سەدەیە و سەدەکەی تری دادێت ئێوە لە سەرگەردانی دامەزراندنەوە و خۆ ڕێکخستنەوەی دەسەڵات و کۆمەڵگە و قیەمەکانتاندابژین!!! گرنگ نیە!! گرنگ ئەوەیە لە هەر چواچێوە و شێوازێکدا بێت، ئەم مەنزومەیە ئامادەگی خۆی هەیە.

دەبێ ڕیفۆرم بکەن... ئێوە ریفۆرمی خۆتان بکەن!!! چونکە لای ئێوەش حزورمان دەبێت و چارەسەرە سیحری و ئامادەکراوەکانمان بە دواتانەوەن و ناتوانن لەم مەنزومەیە دوربن، تەنانەت بە خۆ ئابلوقەدان لەپشت دیوارەکانی سەروەری نیشتمانی و بە دەسەڵاتی پۆلیسی و سنور داخستن و خۆخزاندنە چوار دیواری شوناسی نەتەوەیی و ئاینی هەر بێ سوودە.

ریفۆرم بکەن! هیچ هەوڵ و کار و تێکۆشانێکتان بۆ گۆڕان و چاکسازی لە دەرەوە شۆڕشی زانیاری و تێز و جیهانبینی و بەها ئامادەکراوەکان ئەم مەنزومەیە و پرۆژە کەونیەکەی ئێمەدا نیە.

لەڕیفۆرمدا دەتانەوێت باس لە چی بکەن؟ گەندەڵی: ئەوە یاسای نێودەوڵەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نەهێشتن و چارەسەرکردنی، ئەوە بەرنامە و پرۆژەکانی ڕێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتی، ئەوە پەیام و ئامۆژگاری و پەیڕەو و نیزامەکانی بانکی نێودەوڵەتی، لەوەش زیاتر ئەوە ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی، ئەوە ئەزموون و شوێنی ئەزمونکراوی گەلانی داهێنەر و بونیادنەری ئەم ڕێکخراوانەی ئاماژەمان پێدان، ئەوە ئێمەین هەموو میکانیزمەکانی دژی گەندەڵیمان داهێناوە.

چی تر؟ ریفۆرم لە: سەروەری یاسا، دیموکراتیەت، بەشداری سیاسی، ئەوە دەیان میتۆدی ئامادەکراو دەیان بەرنامە و یاسای نووسراوی، ئەوە چەندین سومبول و وێنەی بەرجەستە کراو ئەوە کۆمەك و وۆرك شۆپ و ڕێکخراوی مەشق و ڕاهێنان.

چی تر؟ دەتانەوێت پاراستن و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و عەدالەت بکەنە دروشمی چاکسازی و خەبات و تێکۆشان و هەوڵ بۆ هێنانە دی دەدەن. چی نوێ دەڵێن؟ وچی نوێ دەکەن؟ لە دەرەوەی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ و پرۆتۆکۆلەکانی مافە ئابوری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریەکان و پرۆتۆکۆلی مافە سیاسی و مەدەنیەکان و ڕێکەوتنامەی دژی ڕەگەزپەرستی و هەڵاوێردن و دەیان و سەدانی تر..

ئەم جادوگەرە ئەفسوناویە دەیەوێت بڵێت من لەسەروی ئاین و جیاوازیەکانی و لە سەرو نەتەوەگەری و نەهامەتییەکانی دەسەڵاتە دیکتاتۆر ومرۆڤ کوژەکانیەوە کار دەکەم، دەیەوێ بەرد و لە خاچ و گۆپاڵ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

و عەبای پێغەمبەران و دەسەڵات و ئارەزووی دکتاتۆران و ئایدیۆلۆژیای ژین و نەتەوە و خۆی نمایش بکات، دەیەوێ بڵێت ئەمە سەردەمی مەشاعیەتی کەونیە، مەشاعیەتی ئەنگلس و مارکس نیە، شورەی زهنی و مادی و یاسایی بە دەوردا نەکێشراوە، ئەمە دەسەڵاتە گرگنەکەی حزب نیە مۆڵەتی تاکسی لە بارەگاکەی خۆیەوە بداتە شوفێرەکانی بازنەی شار!!!
دەیەوێت بڵێت ئێمە لە داهێنان و گەشە کردن و پەرەپێدان و نوێکردنەوە بەردەوامین، وێنەکانی جیهان و مرۆڤ لە خۆی و لە ژیانی بەرهەم دەهێنینەوە، ئێوەش ریفۆرم بکەن، سا بەڵکو خودایە بگەنە ئەو ئاست و پلەیەی بتوانن بە داهێنان و نوێکردنەوەکانمان بۆشاییەك بۆ مرۆڤ بوون بۆ دادگەری، بۆ کەرامەتی مرۆڤ و شکۆمەندیەکەی لە ریفۆرمەکەتاندا بدۆزنەوە.
دەشێ ئێمەش وەڵامێکمان بۆ ئەم مەنزمە هەبێت! دەکری دەسکەوتەکانی پرۆسەی ریفۆرمەکانمانی بۆبخەینە روو بۆ نا!
ئێمەش ریفۆرممان لە بانگ و جۆری تەعزیەدا کردووە، ریفۆرممان لە جنۆکە راونان و کلیپ دەرهێناندا کردووە و رەنگە ئەگەر فریانەکەون بە چەند هەنگاو پێشتان دەکەوین، فریای قوتابخانە چەند دەوامیەکان و قوتابخانە قورەکانی لادێ نەکەوتین، بەڵام ریفۆرمی سینەما و ستۆدیۆمان کردووە و چەندین ملیۆنمان بۆ تەرەخان کردوە، ریفۆرممان لە خۆکوشتن و بە کۆمەڵ کوشتندا کرووە تا خێراتر جەماوەرەکەمان بەرەو جەنەت یان دۆزەخ رەوانە بکەین، خۆ لێرە هەر لە دۆزەخ دان!! ریفۆرممان لە شەری ئایدۆلۆژیا و یەکتر بەری کردن لە دین و ژین و نیشتمان کردووە زۆری تریش بەرێوەیە بە جێمان مەهێڵن چونکە داهاتی تاکی ئەم وڵاتە هێشتا کەمە و داهاتمان تەنها هی ئاودیوکردن و نایلۆنە کونە و، شوشە و فافۆنە کۆنەیە و لە بازاری جیهانی ئێوەدا ئەوەندەی بە هاوڵاتیانی ئێمە براوە.
دەزانین و تێدەگەین کە گەورەترین و گرنگترین ریفۆرم ریفۆرمە لە سیاسەت و دەسەڵاتدا بەو پێیەی شوێنی کۆبونەوەی هێز و، بەرژەوەندی و، دەسکەوت و بەرکەوتەکانە. بەڵام دەوڵەت و دەسەڵات لای ئێمە لەیەك چوارچێوەی جیۆپولەتیکیدا_واتە یەك دەوڵەت_ چەندین ناو و ئاماژەی هەمەرەنگ و هەمە جۆری هەیە دەڵێی چێشتی مجێور یان کوکوی هێلکەیە کیمیاگەری حەکیم نەبێت کەس نە لە پێکهاتە و نە لە روخساری ناگات: دەوڵەتی سوسیالیستی دیموکراتی نەتەوەیی، دەوڵەتی دکتاتۆری عەلمانی شەعبی ئیسلامی، دەوڵەتی نەتەوەیی نیشتمانی تایەفەگەری، دەوڵەتی کۆماری نەتەوەیی سۆسیالیستی ویراسی و.. هتدمان هەیە، ئاخر لەم چێشتی مجێورەدا کوێ ریفۆرم بکەین و لەکوێوە دەست بدەینی؟
لێرە دەوڵەت هی بنەماڵەی ئال و حزبی سەرکردە و تایەفەی براوەیە، ئەمانە کەلتوریکیان خوڵقاندووە و دام و دەزگایەکیان وا دارشتووە بە نەمان و لادرانی خۆیان هەموو شت وێران و ژیراوژوور دەبێت، کەراو نران دەبێ سەدان رۆح و دەها ملیۆن و ملیار سامان و مێژوو بەفیرۆ بدرێت تا دەکەینە سەرەتای هێڵی سفری دەست پێکردنەوە، لێرە هیچ کەس بەشی ئەوەی بەرنەکەوتووە تەنانەت بۆنی دەسەڵاتیش بزانێت چ جای سێبەر و ئەڵتەرناتیف بێت، ئەی نەمانوت دەسەڵات غەنیمەیە.. ئەم نیشتمانەی کە رۆح و گیانمانە و مانای بە بوونمان داوە، ئێمە ئامادەین ئەوان لێمان گەرێن دەسەڵات بۆ ئەوان و نیشتمان بۆ ئێمە با بە کەرامەتەوە لەسەری بژین و هەست بە هاونیشتمانی و مرۆڤ بوونی خۆمان بکەین، بەڵام نیشتمان تەسك و بچووك کراوەتەوە لە حزب و تایەفە و ئالی بنەماڵەکاندا ئەستەمە جێگەی هەموومانی وەك هاوڵاتی تیا نابێتەوە
ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.